کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤١٣-نیوەی دووەهەمی سەرماوەز ١٣٩٩-دێسامبر٢٠٢٠



## دیسان نەبەردی سەرشەقام لە ٧٠ شاری فەڕانسە

ل٤




## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار (١٣٩٩)



## وتەیەک سەبارەت بە کوژرانی مۆحسێن فەخری زادە، کارناسی نەتۆمیی کۆماری ئیسلامی

ل٤



## بەرەو نەمانی یەکجاریی توندوتیژی دژبە ژنان ل٥



## ڕاپۆرتی بەڕیوە چونی پلێنۆمی هەشتەمی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

هەلبژێردراوی کونگرەی ١٧

## کۆمەڵە و ئاسۆی بزوتنەوەی سوسیالیستی لە کوردستان

### ووتوێژی رادیو دیالوگ لە گەل ئیبراهیم عەلیزادە

بەشی سێهەم ل٦



## بیست و دووهەمین ساڵوەگەڕی قەتڵە زنجیزەییەکان

سەروتار

# ڕاپۆرتی بەڕیوە چونی پلێنۆمی هەشتەمی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەلبژێردراوی کونگرەی ١٧

بەشی یەکەم

ڕۆژی شەممە ١٧یّ مانگی گەڵاڕێزانی ١٣٩٩بەرابەر لەگەڵ ٧ی نوامبری ٢٠٢٠، پلینۆمی هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، هەڵبژێردرواي کۆنگرەی ١٧، بە ئامادەبوونی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، بە سرودی ئەنترناسیۆنال و یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕیزگرتن لە یاد و بیرەوەری گیانبەخت کردوانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەستی بە کار کرد.

لەم پلینۆمەدا ، ژومارەیەك لە هاورێیانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی و کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمونیستی ئیران بەشدار بوون. دەستور جەلەسەکانی پلینۆم بریتی بوون لە هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی سیاسی و تەشکیلاتی کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە ، هەلسەنگاندنێك بۆ کێشەکانی ناوخۆی حیزب و سیاسەتی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لەم بارەوە، پەسەند کردنی بریارەکانی پێشنیار کراو، دابەش کردنی کارەکانی نێوخۆی کۆمیتەی ناوەندی.

ڕۆژی ٧ی مانگی نوامبر لە هەمانکاتدا سالهاتی سەرکەوتنی شۆرشی کرێکاری لە رووسیە بوو. باسەکانی پلێنۆم بە یادی ئەم شۆرشە مەزنە و دەرس و ئەزمونەکانی دەستی پێکرد.

بەشی یەکەمی باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ڕاپۆرتی سیاسی و تەشکیلاتی کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە بە پلینۆم تەرخان کرا. چاوگێڕانێکی خێرا بەسەر گرینگترین گۆرانکاریە جیهانیەکان، هەڵسەنگاندنی بارودۆخی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کە عیراق لە ناوەندی باسەکاندا بوو بارودۆخی ژیان و خەباتی کۆمەڵانی خەلك لە ئیران و لە کوردستان، سیناریۆکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەو روو بونەوە لە گەڵ قەیرانەکانی، و ئەولەویەتەکانمان لە کوردستان سەردێڕی ئەو بابەتانەی پێك هێنا کە لە چوار چێوەی راپۆرتی سیاسی کومیتەی ڕێبەری کۆمەڵە دا قسە و باسیان لە سەر کرا.

تەوەرە سەرەکییەکانی باسەکانی پلۆنۆم سەبارەت بە بارووەۆخی جیهان لە چەند خاڵدا کۆکرانەوە کە بریتی بوون لە:

### ١_ ڕوانینی گشتی

بە پێی هەڵسەنگاندنی بانکی ناوەندیی ئینگلیس، قەیرانی ئێستای سیستمی سەرمایەداری، کە سەرچاوەگرتوو لە نەخۆشیی (کۆویدی ١٩)یە، لە ماوەی ٣٠٠ ساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبووە. نیزامی سەرمایەداری هەرچەند وەخت جارێک قەیران لەگەڵ خۆی دێنیّ. بەڵام کابووس ئەوەیە کە ئەم قەیرانە لەگەڵ قەیرانێکی غەیرە ئابووریی وەک کارەساتی کۆویدی ١٩، هاوکات بێت. سەرمایەداران و سەرانی دەوڵەتەکان دەیانزانی کە هەمیشە ئەگەری هاوکات بوونی ئەم دوو قەیرانە لە ئارا دایە. بەڵام لەم قۆناغەدا نەیانتوانی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵی، ئامادە بن. لەڕاستیدا، سیستمی ئابووریی بورژوایی لەبواری مێژووییەوە پیر بووە و تووشی قەیرانێکی هەمەلایەنە و درێژخایەن هاتووە. بارووەۆخی کار، ژیان چینی کرێکار و ئەو نەهامەتیانەی بەربینیان بە مروڤایەتی گرتوە، بێتوانایی ئەم سیستمەی لە زاڵ بوون بەسەر

قەیرانی ئابووریی و بیّ کیفایەتی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، کە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ نەخۆشیی (کۆویدی ١٩)دا دەرکەوت، ئەم حەقیقەتە دەسەلمێنن.

درێژەی ل٢

پێشڕەو
دەورەی دووهەم- ژمارە ٤١٣-نیوەی دووهەمی سەرماوەز ١٣٩٩-دیسامبر٢٠٢٠

# کۆمەڵە و ئاسۆی بزوتنەوەی سوسیالیستی لە کوردستان

## وتوێژی محمد خاکی لە رادیو دیالوگ لە گەل ئیبراهیم عەلیزادە

### بەشی سێهەم




**پرسیار:** کاك ئیبراهیم کاتێك ئێمە بەرنامەکەمان بڵاو کردەوە هی جەنابت ژمارەیەکی بەڕاستی زۆر بینیویانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، مەقالەی لە سەر نووسراوە، قسەی لە سەر کراوە بە مەوافق و بە موخالف، بەرنامەی تەلەویزیۆنی لەسەر دروست کراوە و ئەوانە. بۆ ئێمەی پرسیارهایەکی زۆر هاتووە، ئەمە ئەو پرسیارانەم دەستە بەندی کردووە. ئەمهەوێت ئەگەر بکرێت ڕاشکاوانە لەسەری قسە بکەین. یەکەمین پرسیارێك کە هەیە ئایا وەزعیەتی چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز نەبووە؟ ئەگەر بووە هۆکانی چییە؟

**ولام:** ئەگەر بمهەوێ لە یەك ڕستەدا وڵامتان بدەمەوە بە بروای من جێگەو پێگەی ڕەوتی چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز نەبۆە. لێرەدا بنەمایەکمان هەیە بۆ بەرئاورد کردن کە بریتییە لە ڕووداوەکانی سەردەمی شۆڕشی ئێران ساڵی ٥٦ و ٥٧و ٥٨. کۆمەڵێك فاکتۆری بابەتی هەن کە بە ئێمە نیشان دەدەن کە ناتوانێ پێگەی چەپ لە چاو ئە ساڵانە لاواز بوبێت. چەند سەرچاوە هەیە بۆ هەلسەنگاندنی جێگە و شوێنی هێزی چەپ لە کوردستان. یەکیان پێگەی کۆمەڵایەتییەکەیەتی کە چینی کرێکار بێت. دووهەمیان بوونی توێژێکی ڕووناکبیری چەپ بێ. سێهەمیان وڵامێکە کە ئەو هێزە هەیەتی بۆ کێشە و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگایە. چوارەمیان مێژوویەتی، واتە ئەو دەورەی کە لە قۆناغە هەستیارە مێژوویەکان بینیویەتی، لە خاڵە وەرچەرخانە گرینگە مێژوویەکان، چ وڵامێکی هەبووە وە ئایا ئەو وڵامەی لە لایەن کۆمەڵگاوە قەبووڵ وەرگیراوە یان نا، وە نیهایەتەنیش بارودۆخی جیهانی. با یەکە یەکە ئەو فاکتورانە بەرئاورد کەین لە چاو ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ئیران کە کۆمەڵە خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێدەکات. یەکەم: چینی کرێکار بە ژومارە زیادی کردووە، ئەوە واقعیەتێکی عەینیە و ئامار نیشان دەدات. هەر لەو پێوەندەدا جیلێك بە ناوی هەڵسووڕاوی کرێکاری پەیدا بوون کە لە دەورەی پێشوو ئەو دیاردەیەمان نەبووە. لە دەورەی پێشوودا لە لە سەردەمی حکومەتی شادا مانگرتنی کرێکاری بە تایبەت لە کوردستان هەر زۆر کەم بوو. بەڵام لەم ساڵانەی ئەخیردا ساڵ نەبووە کە لە کورە خانەکان مانگرتن نەکرێت. بێجگە لەوانە گەلێك دیاردەی دیکە هەر لەو ساڵانەدا دەبیندرێت کە لە سونەتی چەپ دایە، بۆ نمونە بەڕێوەبردنی رێ و رەسمەکانی رۆژی جیهانی کرێکار لە ١ی مای. لە شاری سنە لە لوتکەی خەفەقانی کۆماری ئیسلامی دا لە ساڵی ١٣٦٧ لە ساڵی پێشووتریش لە ساڵی ١٣٦٦، چەند هەزار کەس لە ساڵۆنی تەختی لە پاساژی عێزەتی کۆبوونەوە و مەراسمی ئەوڵی مانگی مەی یان بەڕێوە برد. لە ساڵانی دواتر لە شاری سەقز. هەروەها کەم ساڵ هەبووە کە مەراسمی ڕۆژی جیهانی ژن بەڕێوە نەچێت. کۆمەڵێکی دیکە چالاکی دەبینین کە جێ پەنجەی هێزی چەپ تێیدا دیارە. چالاکی ژینگە پارێزی هەیە. ئێمە ئەگەر لە بیرتان بێ پێرار بوو لە جەریانی ناشتنی شەریف باجوەر و هاوڕێیانی کە گیانیان بەخت کرد چیها بەشدار بوو لە کۆبوونەوەی ناشتنیدا، ئەسپەردە کردنیدا یا لە کۆبوونەوەی ڕۆژانی دواتریدا لە شاری سنە بە ئاڵای سوور بەشداریان کرد، بە پلاکاردی سوور بەشداریان کرد، بە سرودی شۆڕشگێڕانەی چەپ بەشداریان کرد، ئەوانەی هەمووی دیاردەی تازەن کە پێشتر نەبوون، کاتێك پشتیوانی لە کۆبانێ دەکرێت، شەپۆلێك لە ئاڵای سوور، پلاکاردی سوور، دروشمی سوور، کە هێمای هێزی چەپن دەبیندرێت. جیلێکی تازە لە ناو رۆشنبیرانی کوردستان دا پەروەردە بوون کە خۆیان پێ چەپ و سوسیالیستە، ژومارەیان گەلێك زۆرترە لەوەی کە سەردەمی رژیمی شادا بومان. لانیکەم ١٦ هەزار پێشمەرگەی دێرینی کۆمەڵە ئێستا لە شار و دێهاتەکانی کوردستان هەن، کە زۆربەی زۆریان دڵیان بۆ سوسیالیزم بۆ کۆمۆنیزم و بۆ کۆمەڵە لێدەدات. زۆر کار دەکرێت کە لە سوونەتی چەپدا جێگای دەبێتەوە. مەسەلەن وەکوو ئەوەیکە ئەخیرەن باسمان کردن دژی کۆڕۆنا کۆمیتەی گەرەکەکان پێکهاتون کە هاوکاری و هاوپشتی خەڵك دەخەنە کار بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ نەهامەتیەکان وەکوو بوومەلەرزە و سێڵاو و هیتر. ئەو هێزە کۆمەڵایەتیە کە بەستێنی گەشەی هێزی چەپە نەك کەمی نەکردووە بەڵکە زیادی کردووە. دەمێنێتەوە بزانین سەرچاوەی دووهەم واتە مەسەلەی ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی بیرمەندی چەپ. ئەوەندەی کە ئێستا کتێب و وتار بە بیری چەپ دەنوسرێت و بڵاو دەبێتەوە و دەخوێندرێتەوە، قەت لە مێژووی کوردستاندا لە ڕابردوودا سابقەی نەبووە. سەرەڕای ئەوانە ڕادەی خوێندەواری بە چەند قات زیادی کردووە، دەتوانم بڵێم ژمارەی دەرچوانی زانکۆکانی کوردستان و ئێران، لە شارە و دێهاتەکانی کوردستان هەزار ئەوەندە زیادی کردۆە. ئەوانە بەشێکی زۆریان ئامادەیی ئەوەیان تێدایە بە هێزی چەپ پەیوەست بن، لە حاڵێکدا ئەو کاتە بە ژومارە یەکجار کەم بوون. ئەوەندەی ئێستا شاعیر، نووسەر، ئاکادیمیسیەنی کوردمان هەیە کە خۆیان بە چەپ دەزانن یا خۆیان لە بەرەی چەپدا دەبیننەوە کەی ئەوانەمان هەبووە لە ڕابردوودا، ئەوانە هەمووی نیشان دەدات بە ئێمە ناتوانێ وەزع خراپ تر بووبێت وە بە تایبەت بە نیسبەت کۆمەڵەوە ناتوانێ وەزعی خراپتر بووبێت لە چاو ئەو دەورەیە لە حاڵێکدا لە هەمووی ئەو سەرچاوانە بەهرەمەندە یان دەتوانی بەهرەمەند بێت. سەرەڕای ئەوانە بە بڕوای من لە رووی جیهانیشەوە بارودۆخەکە لە چاو ئەو ساڵانە لەبارترە. ئەو کات بزووتنەوەی جەماوەری لە ئاستی دنیادا ئەوەیکە بەرچاو بێت بزووتنەوەی پشتیوانی بوو لە خەڵکی ویەتنام یا پشتیوانی بوو لە بزووتنەوەی فەلەستین. یا بەعزە حەرەکەتێکی بچووك. بەڵام ئێستا دەبینین هەموو ساڵێك حەرەکەتێکی گەورە لە ئاستی دنیادا سەر هەڵدەدا کە هەمووی، ئەگەرچی کۆمۆنیستیش نین بەڵام مۆرکی بەرەی ڕادیکاڵ و چەپی پێوەیە وە کۆمۆنیستەکان لە ڕەئسی دان یان لە ناوی دان وە بێجگە لەوانە خەون و ئارەزووەکانیان لەگەڵ خەون و ئارەزووەکانی کۆمۆنیستەکان یەکە. بزوتنەوەی داگیر کردنی والستریت، بزووتنەوەی ٩٩ لە سەدەکان، فڕ و مە کۆ مە لا یە تییە کا ن ، بزووتنەوەی جلیقە زەردەکان، بزووتنەوەی دژی نژاد پەرەستی و هیتر، ڕاستە هەموویان ڕاستەوخۆ سوسیالیستی نین، بەڵام لە ڕووی بابەتیەوە دەکەونە چەپی کۆمەڵگاوە. خاڵێکی دیکە کە من پێم وایە زۆر گرینگە لەوەی کە پێمان بڵێ کە چەپ لە کوردستان بەهێز تر بووە ئەوەی کە ئەو چەپە کە کۆمەڵە بێ لە ئەساسدا لە قۆناغی مێژوویی گرینگ دا تاقی کراوەتەوە. ئێمە ساڵی ١٣٥٧ و ٥٨، لە حاڵێکدا کە هەموو نیشانەکانی ئەوە دیار بوو کە جەریانێکی فاشیستی ئیسلامی خەریکە دێتە سەر کار و خۆی بۆ دەسەڵات ئامادە دەکات، هێزی چەپ لە کوردستان بوو بە حەرەکەتێکی پێشکەوتنخوازانە کە دواجار بوو بە هەوێنی خۆڕاگری لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی شکڵ پێ دا. کۆمەڵە بەشێکی گرینگی بوو، سازمانی چریك فیدایەکان بوون، پەیکار بوون، ڕەوتەکانی دیکە بوون، ئەوانە هەمووی لە بەرەی چەپدا بوون. بەرەی چەپ توانی نیشانی بدا کە لەو قۆناغە مێژوویەدا ڕێگای خۆی ون ناکا و ڕێگا بە کۆمەڵگاش نیشان دەدات. ئەوە قۆناغێکی گرینگ بوو. دوایی موقاومەتی چەکدارانەی دەست پێ دەکات. لە موقاومەتی چەکدارانەدا کۆمەڵە دەچێتە کوانووی تاقیکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە وە دەبێتە هاندەر بۆ تەنانەت هێزەکانی دیکەش کە دەست بدەنەوە موقاومەت. وە ئەوەی لێ کەوتەوە کە دیتمان. هەر لەو قۆناغەدا کۆمەڵە لە مەسەلەی موزاکرە لەگەڵ دەوڵەت دا ڕێگا و شوێنێکی گرتە بەر کە ئێستا و ساڵانی دواتر مەعلوم بوو کە ئەو ڕێگا و شوێنەی ئێمە دروستە هەم بەشداری بکەی لە گفتوگۆ لەگەڵ ڕژیم هەم خەڵك ئامادە بکەی بۆ موقاومەت. خەڵك تووشی تەوەهوم نەکەی، تووشی خۆشباوەڕی نەکەی، تووشی تەوەهومی سەرکەوتنێکی ئاسانیان نەکەی، بۆ موقاومەت ئامادەیان کەی لە هەمان کاتدا ڕێگای ئاسان تریش ئەوەندەی ئیمکانی بێت تاقی کەیەوە، ئەوانە هەمووی ئەو خاڵە وەرچەرخانە مێژوویانەن کە دەڵێم هێزێکی سیاسی لە مەحەك دەدەن، نیهایەتەن من پێم وایە شتێکی دیکەش کە زۆر گرینگە ئەویش هەر نیشان دەدات بە ئێمە کە هێزی چەپ لە کوردستان لاواز نەبووە، ئەویش ئەوەیە کە ڕێبازی چەپ بۆ دوارۆژی کوردستان بەرنامەی هەیە، بۆ کێشە چارەسەر نەکراوەکانی ئەو کۆمەڵگایە قسەی هەیە، بۆ مەسەلەی نەتەوایەتیی، بۆ مەسەلەی ژینگە، بۆ مەسەلەی ژنان وە لە هەمووی ئەوانە سەر و گردنێك لەو مەسەلە کۆمەڵایەتییانە لە ناسیۆنال لیبراڵی کورد زۆر لەسەرەوەترە. جارێ بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی ئێمە وتوومانە کە فیدراڵیزم چارەسەری مەسەلەی کورد ناکات، واقعیەتەکەی ئەوە لە کوردستانی عێراق بە چاوی خۆمان دەبینین وە لە تەجروبەی دیکەی زۆر جێگای دنیاشدا هەردیارە، ئەوە ئێستا خەریکە دەبێتە حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر. دەی کە کووتومانە فێدراڵیزم چارەسەری ناکات لە بەرانبەردا کوتومانە مافی دیاری کردنی چارەنووس،



پێشڕەو
دەورەی دووهەم- ژمارە ٤١٣-نیوەی دووهەمی سەرماوەز ١٣٩٩-دیسامبر٢٠٢٠

درێژەی :

## کۆمەڵە و ئاسۆی بزوتنەوەی سوسیالیستی لە کوردستان

بەڵام مافی دیاری کردنی چارەنووس بە واتای مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. ئێمە بەرنامەیەکمان پێشکەش کردووە بە ناوی بەرنامەی حاکمیەت و دەسەڵاتداریتی جەماوەری لە کوردستان. ئەو بەرنامەمان وەکوو شەرت داناوە، ئەو بەرنامە شەرتی مانەوەی کوردستانە لە چوارچێوەی ئێراندا. ئەگەر سبەی ڕۆژ دەسەڵاتێك بێتە سەر کار و ئەو بەرنامەیە بەڕێوە نەبات ئێمە بۆ دابین کردنی ئەو مافە کە جیابوونەوەی خەڵکی کورد بێت بە پێی ئەو بەرنامەیە خەبات دەکەین و فیداکاری بۆ دەکەین، بەڵام ناسیۆناڵ لیبراڵی کورد چی هەیە غەیری فیدراڵیزم کە دەزانین کاتێك کە ئەرتەش بە دەستی دەوڵەتی مەرکەزیەوەیە، پوڵ بە دەستی دەوڵەتی مەرکەزییەوەیە، ئابووری درێژ ماوەی بە دەست دەوڵەتی مەرکەزییەوەیە، پاراستنی سنوورەکان بە دەستی دەوڵەتی مەرکەزیەوەیە ئەوانەی کە لە کوردستانی عێراق دەبینین خەڵك برسی دەکەن، خەڵك بێ مووچە دەکەن گوشاریان بۆ دێنن، لە مەسەلەی ژیانی جەماوەر ئەوەیکە لە بەرنامەی ئەحزابی سیاسی کوردی غەیری چەپ دایە چییە غەیری هەژارییەکی قابیلی تەحەمول، بەڵام ئێمە بۆ ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەو وڵاتە ڕێگا چارەمان هەیە بۆ خۆش بژێوی، بۆ ژیانی باشتر. ئەم فاکتۆرانەی کە باسم کرد بە بڕوای من نیشان دەدات کە چەپ مەنتیقەن ناتوانێ لاواز بوبێ، دیارە ئەوە مانای ئەوە نییە کە کۆمەڵە وەکوو هێزی چەپ کە من پێم وایە بەستەری ئەسڵی ئەم جەریانەیە، لە داهاتوشدا ئوتۆماتیك دەبێتە خاوەنی هەمیشەیی ئە پێگەیە. کاری ماندوویی نەناسانە، لانەدان لە ڕێبازەکەی دەوێت. دەزانم هەڵبەت خاڵێکی لاواز لێرە هەیە و مومکنە بۆ تۆش بێتە پرسیار، ئەویش ئەوەیە کە لەوانەیە ئەو هەموو جیابوونەوانە ناو کۆمەڵە کاریگەری دانابێت. کە بە دڵنیاییەوە وایە کاریگەری داناوە بەڵام ئەوەندە کاریگەری نییە کە کۆمەڵگای کوردستانی، وەکوو کۆمەڵگا لە ئاوات و خەون و ئارەزووەکانی چەپ بۆ ژیانی باشتر و ئازاد تر و یەکسانتر پاشەگەز کردبێتەوە.

**پرسیار:** من وا لە قسەکانی جەنابت حاڵی بووم کە لە ئەبعادی ئیجتماعیدا، لە ئەبعادی سیاسیدا، لە ئەبعادی بەرنامە و ئەوانە چەپ زەعیف تر نەبووە قەوی تر بووە، بەڵام ڕەنگە لە ئەبعادی تەشکیلاتی و حیزبی دا ئەوە نەبێ،وایە؟

**ولام:** لە چاو ئەو چاوەڕوانیەی کە کۆمەڵگایە لێمان هەیە بەڵێ وایە. بەڵام لە چاو ڕابردوو وا نییە.

**پرسیار:** کاك برایم ،پرسیارێکی دیکە ئەوە بوو کۆمۆنیزم لە سەتحی جیهاندا ئەو جەزابیەتەی نەماوە و ئەو تەجاروبی پێشوەیش بە هەر حاڵ لە شەورەوی یان لە شوێنەکانی تریش مەوەفەق نەبووە یان شکستی خواردووە، هۆی ئەوەی کە ئێوە هێشتا لە سەر کۆمۆنیزم پا دا ئەگرن و لە سەر حیزبی کۆمۆنیست چییە؟

**ولام:** من پێم وا نییە کۆمۆنیزم بە واتای ئینسانیەکەی کە هەمووەمان دەیزانین ، بۆ هیچ ئینسانێك کە بەم نەزم و نیزامەی ئەمڕۆ، بەم بێ مافیانەی ئەمڕۆ، بەو هەموو بێعەداڵەتیانەی ئەمڕۆ نارازی بێ، ئەو جەزابیەتی لە دەست دابێ، مەسەلە ناتوانێ نەمانی جەزابیەت بێ بەڵکوو کێشە دوو لە سەر دوو بابەتی دیکەیە. یەکیان ئەوەی کە دڵێن ، بەڵام خەون و خەیاڵێکی زۆر شیرینە، بە دی نایە. یانی لە شیدەتی باشییەکەی پێیان وایە غەیرە مومکنە یانی کەس نییە، مەبەستم ئەوەیە ئینسانی شەریف و ئازادیخواز، ئینسان دۆست و، کۆمۆنیستیش نەبێ کاتێك باسی ئەو ئارمانی کۆمۆنیستیەی بۆ دەکەی کە هەمووی هەر ئینسانیەتی لێ دەبارێ، هەمووی هەر عەداڵەتی لێ دەبارێ، هەمووی پێشڕەفەت و پێشکەوتنی لێ دەبارێ، بڵێ ئەوانە ....بەڵام دەڵێ کاکە ئەوە چۆن دەکرێ ئەوانە ناکرێ ئەوە هەر ئەو بەهەشتەیە کە مەسەلەن موسڵمانان و مەزهەبیەکان بە پەیڕەوانی خۆیان بەڵێنی دەدەن، یەك دەڵێ عەمەلی نییە، کێشەی دووهەم ئەوەیە کە ئەزموونی چین و شورەویمان بیر دەخەنەوە، دەبێ ئێمە جوابی ئەوە بدەینەوە، ئەوە کاری ئێمەی موشکل کردووە دەنا مەسئەلە جەزابیەت نییە. ڕاستە ئەزمونی یەکێتی سوڤیەت شکستی خۆارد بەڵام ، دڵنیاتان دەکەم ئەگەر فشاری شۆڕشی کرێکاری لە ڕووسیە نەبوایە، لە ئۆروپا و لە هیچ کوێیەکی دونیای پێشکەوتووی سەرمایەداری ئەو ئیمتازاتەی کە دایان بە چینی کرێکار و ئەو پاشەکشانەی کە کردیان لە بەرانبەر خەباتی چینی کرێکاردا ڕووی نەدەدا، ترس لە شۆڕشی کرێکاری، شۆڕشی سوسیالیستی بوو کە دەوڵەتانی ئۆروپایی ناچار کرد بە پەلە ئەو ئیمتیازاتەی کە تا ئەو کاتە لە بەرانبەریاندا موقاومەتیان دەکرد ئەوانە لە کۆتایی دا بدەن، یانی ڕووسییە بە هەموو کەم و کۆڕیەکانیشیەوە هەر ئەو شۆڕشەی کە کرا ئەو کاریگەرییەی دانا لە سەر جیهان. سەبارەت بە چین ، ڕاستە کە وڵاتێکی کۆمۆنیستی نییە بەڵام ملیاردها کەس لە دنیا هەر ئێستا حەسرەتی ئەو تەجروبەیە دەخۆن کە لە چین ڕووی داوە. یەك ملیارد و ٧٠٠ میلۆن ئینسان لە برسیەتی نجاتی بوو وە ئەو پێشکەوتنەی کە ئەمڕۆ لە دنیادا دەکرێ، من ناڵێم کۆمۆنیستییە، بەڵام دەڵێم ئەوانەیی دەڵێن کومونیسم جەزابیەتی نەماوە خۆ پێیان لە چین حکومەتێکی کۆمونیستی لە سەر کارە، بە پێی ئەو بۆچونەی خۆیان دەبێ ئەو موعجزە ئابوریەی لە چین دا خولقاوە ببینن. مەسئەلە ئەوەیە کە ئیمە پێویستە نیشانی بدەین ڕێگایەکی جیاوازین، وە ئەو ئامانجەی ئیمە بەشوێنیەوەین خەیاڵی نییە، هەر لەئێستاوە و لە خەباتی رۆژانەماندا ئێمە دەتوانین نیشانی بدەین، کۆمۆنیزمی ئۆروپایی یان با بڵێم ئەحزابی کۆمۆنیستی ئۆروپا لە بەرابەر ئەحزابی سوسیال دیموکراتی ئۆروپا پاشەکشەیان کرد، زەعیف بوون، هۆکاری سەرەکی لاواز بوونیان لە بەرابەر سوسیال دیمۆکراتەکاندا ئەوە بوو کە مەیدانی خەبات بۆ ڕیفۆرم و بۆ باشتر کردنی ژیانیان بە جێهێشت بۆ ئەوان. هەرچەند سوسیال دێمۆکراتەکانیش نەیان توانی لە سیاسەتی ریفۆرمی خۆیان بەردەوام بن، بەڵام توانیان بۆ دەورەیەکی دەیان ساڵە لە بواری ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا پاشەکشە بە کومونیستەکان بکەن. ،ئەوە دەرسە بۆ ئێمە کە کۆمۆنیزمی ئەورۆ تەنیا نابێت بە ئاواتەکانی دوارۆژیەوە بژی. بەڵکە دەبێ نیشانی بدات بۆ ئەمڕۆش، بۆ هەر ئان و ساتێك بۆ ئەو کۆمەڵگایە بە کەلکە. پێویستە ئەو کۆمەڵگایە بزانێ کە کۆمۆنیستەکان خەریکن ڕێگای ژیانی پێ نیشان دەدەن. ڕێگای ژیانی باشتری هەر ڕۆژەی پێ نیشان دەدەن. ئەمانە بە ئێمە دەڵێن کە ئێمە دەبێ لە ڕابردوو دەرس وەر بگرین. من با قەسەیەکی فرانسیسکۆ فۆکۆیاماتان بیر بخەمەوە، ئەو یەکێك لەو کەسانە بوو کە پێی وابوو نیزامی سەرمایەداری کۆتایی مێژووە، مرۆف ناچارە هەتاهەتایە لەگەڵ ئەو نیزامە هەڵکات، کەم و کۆڕیەکانی چارەسەر کات ، چەند ساڵێکی پێ نەچوو ئەم بیرمەندە گەورەیە جیهانی سەرمایەداری لەو قسەیەی خۆی پەشیمان بووەوە و وتی ئەگەر ڕەوتی سوسیالیستی ڕێکخراو فریامان نەکەوێ جیهان بەرەو کارەسات دەڕوا، وە تازە تەنها ئەو نییە، بە بڕوای من ئەغڵەب بیرمەندانی ئابووری ناسی لیبراڵ ، نێئۆلیبراڵ لە جیهاندا وردە وردە پاشەکشەیان کردووە، کتێبەکانیان کەم کەم دەشارنەوە ، وتنەوەی وانەکانیان لە زانکۆکانی ئۆروپاییدا باوی نەماوە و نەیتوانی وڵامی قەیرانی ئابووری ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ بداتەوە، نەیتوانی وڵامی کرۆنا بداتەوە، کرۆنا ناچاری کردن بە ملیاردها دۆلار و یۆرۆ بڕژێننە ئەم ناوە بۆ ئەوەیکە تۆزێك لە نەهامەتییەکە کونترۆڵ کەن. ئەمانە هەموو بە ئێمە دەڵێ ئاسۆیەکی ڕوون هەیە لە بەردەم جەریانی کۆمۆنیستیدا. ئیوەی ئامانجەی کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین بە پێی زەرورەتێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویییە ، ئیرادە گەرایانە نییە ، هێزی کۆمەڵایەتیی بۆ پێ گەیاندن و پێ گەیشتنی فەراهەم بووە ، دیارە ناڵێم کارێکی ئاسانە، بەڵام بەشەر ڕێگەیەکی دیکەی بۆ ڕزگاربوون لەو نەهامەتیانی کە دەیان بینین لە بەردەم نییە.

**پرسیار:** کاك ئیبراهیم ئێوە لە باسەکانی پێشوومانا وەقتی ئیشارەمان کرد بە مەسەلەی ڕەشەکان لە ئەفریقا، ئێعترازتان ئۆتوماتیك ڕەبت دا بە چەپ و کۆمۆنیزم، ئایا ئەو بەرداشتەی لێ ناکرێ کە هەر ئەو قسانەیش ئیلزامەن ئەو عەداڵەت خوازییە خاسی چەپ و کۆمۆنیزم نییە و ناتوانێ ئەو کارە بکرێ؟ یانی هەموو شتێك ناچێتە سەبەدی ئەوان؟ ئەویشە هەر پرسیارێك بوو.

**ولام:** بێگومان وایە. هەموو حەرەکەیەکی پێشرەو و پێشکەوتوو ڕاستەوخۆ ناچێتە سەبەدی کۆمۆنیزمەوە، بەڵام کۆمۆنیزم پڕۆژەیەکی تەواو و کەماڵە. کۆمۆنیزم خۆی لە خۆیدا بۆشاییەکی بە جێ نەهێشتووە کە یەکی دیکە لە لایەکی دیکەوە پڕی بکاتەوە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە خەڵکی دیکەی پێی پەیوەست نابن، کۆمۆنیزم ڕێگایەکە بۆ ژیان لە هەموو بۆاریکدا، ژیانە هەم بۆ ئەمڕۆ، ژیانە هەم بۆ دوا ڕۆژ. کۆمۆنیزم ڕێگایە بۆ پاراستنی ژینگە، کۆمۆنیزم ڕێگایە بۆ چۆنێتی هەڵسووکەوت کردن لەگەڵ منداڵ، ڕێگایە بۆ چۆنیەتی هەڵسووکەوت کردن لەگەڵ نەك هەر ئینسان لەگەڵ هەموو گیانلەبەران، ئەمانە هەمووی لە کۆمۆنیزمێکی ئینسانی و کۆمۆنیزمێکی ئەمرۆیی و مۆدێڕن دا ئەوانە جێگای خۆی دەبێتێەوە، من ناڵێم ئەو حەرەکەتانە کۆمۆنیستین بەڵام ئاماج و ئارەزوەکانیانن، وە خەونەکانیان زۆر لە کۆمۆنیزم نزیکە. بۆ نمونە ئەگەر فەرز کەین سبەی رۆژ لە ئێران حکومەتێکی کرێکاری بێتە سەر کار، بە لەبەر چاو گرتنی ئەو تەجروبانەی کە لە چین و لە شۆڕەوی بوومان کە دەرسی لێ وەرگرین کە بە ڕێگای ستالین و بە ڕێگای پاشماوەکانی ئەودا نەچین ، ئەگەر ئەو کەم و کۆڕیانەمان نەبێ، کۆمۆنیزم لە ئێران دەکەوێتە بەردەم پشتیوانیەکی زۆر بەرینی جیهانی. ئیتر ئەوە ڕژیمی سەدام نییە، ڕژیمی خومەینی نییە کە لێی گەڕێن ئەمریکا بە مەیلی خۆی گەمارۆی ئابوری بخاتە سەر، لەشکر کێشی بکا بۆ سەری. ئەو بزوتنەوە بەرینەی کە ئەمڕۆ بۆ ژینگە و یان لە دژی نەژاد پەرەستی دەکەوێتە کار، سبەی ڕۆژ بۆ پشتیوانی لە حکومەتێك کە هیچ شتێك غەیری ئینسانیەت تێیدا بەرچاو ناکەوێ خەڵێك بە هیمەتی خۆیان، بە هێزی بیرو بازوی خۆیان خەریکن وڵاتێك بەرەو پێشکەوتن دەبەن، بۆ ئەوەش دەکەوێتە کار. ئیمە لە گەڵ هەموو ئەو بزووتنەوانە ، زۆر بەرنامە و ئاواتی هاوبەشمان هەیە بەڵام عەداڵەتخوازی هی هەموانە، بەڵام فەرقێك کە هەمانە ئەوەیە کە ئەوان ئەو دوو بزووتنەوانە بە ئێمە ناڵێن کە خەرجی ئەو عەداڵەتخوازییە لە کوێ دابین دەکەن، ئاخر عەداڵەتخوازی، بەرابەری، بە بێ بەرابەری ئابووری، بەبێ یەکسانی لە بەهرەمەندی، لە ئیمکاناتی ژیان، چۆن دابین دەبێت. ئێمە دەڵێن دەست دەبەین بۆ ڕیشەی مالکیەتی خسوسی بە سەر ئامرازەکانی بەهرەم هێنان، دەست دەبەین بۆ سەروەتی سەرمایەداران، ئەو سەروەتەی کە لە سەر یەك کەڵەکەیان کردووە و خەرجی ئەو عەداڵەت خوازییەی پێ دەدەین، بەڵام سەرەرای ئەوە ئەوانە لە ناو ئێتلافێکی گەورەی جیهانیدا جێیان دەبێتەوە کە ڕەوتی کومونیستیشی تێدایە.

***

**درێژەی هەیە**

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 413- Dece. 2020
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# بیست و دووهەمین ساڵوەگەڕی قەتڵە زنجیزەییەکان

هێندێك لە ڕووداوەکان لە بیری مێژوویی کۆمەڵگایەکدا هیچکات ناسڕدرێنەوە. کوشتاری دەیەی ٦٠ی هەتاوی، قەتڵوعامی بەندکراوانی سیاسی لە مانگەکانی کۆتایی هاوینی ساڵی ٦٧، قەتڵە زنجیزەییەکانی پاییزی ٧٧ و سەرەنجام کوشتاری پتر لە هەزار و ٥٠٠ کەس لە ناڕازیانی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨، لە زومرەی ئەو ڕووداوانەن. ئەم جەنایەتانە برینێکی قووڵیان لە جەستەی کۆمەڵگا دا و هێستاش کە هێستایە، بەجێماوانی ئەم جەنایاتە کە باشترین ئازیزانیان لەدەست دا و ئەو کۆمەڵگایەی کە وەها زەربەیەکی خۆفناکی وێکەوت، نەیانتوانیوە برینەکانیان ساڕێژ بکەن. کاتێکی زۆری پێویست بوو تا بنەماڵەکان و کۆمەڵگا، نیشانەیەك لە گۆڕە بەکۆمەڵ و بێناونیشانەکان بدۆزنەوە. گۆڕستانی خاوەران کە قوربانیەکانی تێدا ناشترابوو، دواتر بوو بە ژوانگەی بنەماڵەکان. ئەو ئازیزانە، بە فەرمانی خوێنڕێژترین سەرانی ئەم ڕژیمە لە باڵاترین ئاستدا و لە سیاچاڵەکان و لە بێدادگا چەند دەقیقەییکاندا ئێعدام کرابوون.

ئەو پاییزە خۆفناکە، ١٠ ساڵ دواتر ڕوخساری خۆی بە کۆمەڵگا نیشان دایەوە. "پیروز دەوانی" کە لە سێهەمی خەرمانانی ساڵی ٧٧ لە ماڵی خۆی ڕۆیشتبووە دەرێ، ئیتر نەگەڕایەوە. لە پاییزدا بوو کە وتیان، تەرمەکەی لە پەنا ڕێگەی ئاسن سووتێندراوە و ناشتراوە. لە ٣١ی مانگی خەرماناندا "حەمید حاجی زادە"ی نووسەر و ڕۆڵە ٩ ساڵەکەی بە زەبری ٣٨ چەقۆ لە ماڵی خۆیاندا کوژران. ئەوەڵی مانگی سەرماوەز، "داریوش فروهەر" و هاوسەرەکەی "پەروانە ئێسکەندەری" بە زەبری دەیان چەقۆ لە ماڵەکەیاندا کوژران. ١٢ و ١٨ی سەرماوەز، "محەممەد مۆختاری" و "محەممەد جەعفەر پویەندە" لە ڕادیکاڵترین ئەندامانی ناوەندەی نووسەرانی ئێران کوژران و تەرمەکانیان لە دەوروبەری شار دۆزرایەوە. دواتر مەعلووم بوو کە لە قەتڵوعامی بەندکراوانی سیاسییەوە تا پاییزی ساڵی ٧٧، پتر لە ٨٠ کەس لە نووسەران، وەرگێران، شاعیران و چالاکانی سیاسی و مەدەنی، بە شێوازی جۆراوجۆر کوژراون. ئەحمەد میرئەعلایی، غەفار حسێنی، مەعسوومە مۆسەدێق، عەلی ئەکبەر سەعیدی سیرجانی،





ئەحمەد تەفەزۆلی، تەنیا ناوی چەند کەس لە قوربانیانی ئەو قەتڵانەن کە دواتر ئاشکرا بوون.

کاتێك کە ڕژیم بەتایبەت قەتڵی وەحشیانەی داریوش فروهەر، پەروانە ئێسکەندەری، محەممەد مۆختاری و محەممەد جەعفەر پویەندەیان بۆ نەشاردرایەوە، وەزارەتی ئیتلاعات لە ١٥ی بەفرانباری ساڵی ٧٧دا، لە ڕێگەی ڕاگەیەندراوێکەوە، هۆکار و بڕیاردەری ئەم قەتڵانەی ژمارەیەك لە پێرسۆنێلەکانی وەزارەتی ئیتیلاعات واتە "هاوکارانی بیرچەوت و سەرەڕۆ کە بوونە داردەستی مۆرەی نهێنیی بێگانەکان" پێناسە کرد. خامنەیی ڕێبەری جەنایەتکاری نیزام وتی: "بێگومان کەسانێك کە ئەم قەتڵانەیان ئەنجام داوە هێزی نیزام نین و دەست و پەیوەندی بێگانەکانن". هەڵبەت جێگای پرسیارە کە کۆمەڵکوژیی دەیەی ٦٠ و قەتڵوعامی بەندکراوانی سیاسی، کام بەناو "دەست و پەیوەندی بێگانەکان" ئەنجامیان داوە. لە ڕاستیدا هەوڵی ڕژیم هیچ شتێك نەبوو بێجگەلە بردنەدەرەوەی هۆکار و بڕیاردەرانی ئەم جەنایەتانە لە بازنەی تیرڕەسی کۆمەڵگا. ئەم قەتڵانە لە سەردەمی عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعاتی دەورانی سەرۆك کۆماریی ڕەفسەنجانی، قۆربانعەلیی دۆری، یەکەمین وەزیری ئیتلاعاتی دەوڵەتی خاتەمی دا، ئەنجام درابوون. لەگەڵ ئاشکرابوونی ڕۆڵی وەزارەتی ئیتلاعات لەم قەتڵانەدا، خامنەیی سیستمی ئیتلاعاتی موازیی خۆی لەناو سپادا پێکهێنا و لەمەبەدوا، ئیتلاعاتی سپا بوو بە گرینگرین ئۆرگانی ئەمنییەتیی ڕژیم.

٢١ ساڵ پاش ئەم قەتڵانە، واتە لە جەرگەی کوشتاری ناڕازیانی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ و بەهۆی وتە تازەکانی مستەفا پورمحەممەدی و وڵامی محەممەد نیازی بە ناوبراو، بۆ جارێکی دیکە تەوەری ئەم قەتڵانە هاتنەوە ناو میدیاکان، هەر بۆیە هەر دووی ئەم خوێنڕێژانە لە ناوەندی ئەم قەتڵانەدا بوون. مستەفا پورمحەممەدی وتی کە "ئەوانە کەسی سەرەڕۆ نەبوون" و بەمجۆرە ڕەوایەتی ڕەسمیی لە ئیعتبار خست. وتەکانی ئەو لەگەڵ کاردانەوەی محەممەد نیازی کە لەو سەردەمەدا سەرۆکی ڕێکخراوی قەزایی هێزە چەکدارەکان بوو، بەرەوڕوو بۆوە. پورمحەممەدی کەسێکی بێ پێناس نەبوو، ئەو یەکێك لە بەرپرسانی ڕاستەوخۆی ئێعدامی بەندکراوانی سیاسی لە ساڵی ٦٧، جێگری دەرەوەی وڵات و جێگری وەزری ئیتیلاعات، واتە عەلی فەلاحیان، وەزیری ناوخۆی دەوڵەتی یەکەمی ئەحمەدی نەژاد، ڕاوێژکاری دەزگای قەزایی و وەزیری دادگوستەریی دەوڵەتی یەکەمی ڕووحانی بوو. ئەو لەوپەڕی بێشەرمیدا و لە حاڵێکدا کە سەرۆکی هێندێك لە ئۆرگانە سەرکوتەکانی ڕژیم بوو، مودەعی بوو کە "ئەگەر مێژووی سیاسەتی وڵاتانی جیهان هەڵسەنگێندرێ، ئەوکات دەبینن کە هیچ نیزامێکی دیموکراتیکی هاوشێوەی ئێران بوونی نییە". نیازی کە لەئاست ناوبراو کاردانەوەی لەخۆی نیشان دابوو، کەسێکە کە سەرۆکی بێدادگاکانی ئەرتەش لە ئۆستانی هەمەدان، کرماشان و کوردستان، سەرۆکی قەزایی هێزە چەکدارەکان، دادستانی نیزامی تاران لە سەردەمی ڕوودانی قەتڵە زنجیرەییەکان و بەرپرسی پێڕاگەیشتن بە پەروەندەی ئەم قەتڵانە بووە. نزیك ٤ ساڵ پاش قەتڵە زنجیرەییەکان دیوانی باڵا، سەرەنجام لە بەفرانباری ١٣٨١، مەحکوومییەتی ١١ کەسی لە ١٨ تۆمەتبارەکەی ئەم پەروەندەیە تەئیید کرد. لەو جێگەوە کە بنەماڵەی قوربانیان دژایەتیی خۆیان لەگەڵ حوکمی ئێعدامی تۆمەتباران ڕاگەیاند، بەرپرسانی قەزایی ڕژیم ئەم مەحکوومانەیان بەخشی و تەنیا چەند کەسێکیان بە حوکمی کورت ماوەی زیندان مەحکووم کران. پێویستە ئاماژە بکرێ کە پارێزەری بنەماڵەی قوربانیان کە بەشێکی لەو پەروەندە جەنایەتکارانەیە لەقاودا بوو، بە زیندان مەحکووم کرا.

ئەگەرچی لە ڕوانگەی کاربەدەستانی ڕژیمەوە ئەم پەروەندەیە بەستراوە، بەڵام ئاشکرایە کە لە ڕوانگەی بەجێماوان و بنەماڵەی ئەم قوربانیانە، لە ڕوانگەی کۆمەڵگا و بزووتنەوەی دادخوازییەوە، تەنیا کاتێك ئەم پەروەندانە دەبەسترێن کە هەموو هۆکار و بڕیاردەرانی ئەم قەتڵانە لە دادگا جەماوەرییەکاندا بە تاوانی قەتڵە زنجیزەییەکان و هەموو جەنایاتێك کە لە پتر لە چوار دەیەدا ئەنجامیان داوە ،موحاکمە بکرێن. ئەگەر سەرکوتگەریی مانگ و حەفتەکانی ڕابردووی ڕژیم و سەرهەڵدانی کۆرۆنا و داماویی ڕژیم لە کۆنترۆڵ کردنی، ڕێگە بە خەڵك نادات کە هەروەك ساڵانی ڕابردوو ڕێوڕەسمی بەرزڕاگرتنی یادی قوربانیانی قەتڵە زنجیرەییەکان بەڕێوە بەرن، بەڵام بێگومان جینۆسایدی دەیەی ٦٠، قەتڵوعامی بەندکراوانی سیاسی لەساڵی ٦٧، قەتڵە زنجیرەییەکانی ساڵی ٧٧ و کوشتنی ناڕازیان مانگی خەزەڵوەری ٩٨، ڕووداوگەلێك نین کە لە بیری مێژوویی ئەم کۆمەڵگایەدا بسڕدرێتەوە. لە هەمان حاڵدا ئەم کۆمەڵگایە فێر بووە کە ڕێگایەکی بێجگەلە موقاوەمەت لە بەرامبەر دیکتاتۆریی ئەم ڕژیمە و خەبات لەپێناو ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی، لەبەر نییە.

***

دواستون

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار (١٣٩٩)

لە سەروبەندی ٦٧مین ساڵوەگەڕی ١٦ی سەرماوەز داین و ئەم ڕۆژە نە تەنیا وەبیرهێنەرەوەی ڕۆژێکی دەروشاوەی مێژووییە بۆ بزووتنەوەی خوێندکاری، بەڵکوو هەمووی ئەم ساڵانە، مێژووی مێتابۆلیسمی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە بەشداربوون لە کێشمەکێشی سیاسی و چینایەتی، لە نەبەردی نێوان شۆڕش و دژە شۆڕش، و لە ململانێی وتاری سیاسیی و فیکریی نێوان ڕادیکالیسم و ڕێفۆرمیسمی، بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە. ئەگەر لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی، لە بەرامبەر ڕژیمی کۆدێتادا، دەست دەداتە موقاوەمەت و قوربانی دەدات، هەر ئەم ڕۆڵەش لە کاتی هێرشی دژە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧، لەژێرناوی "ئینقلابی فەرهەنگی" بۆسەر سەنگەری زانکۆ، دەگێڕێ. بەڵام گرتنەوەی ئەم سەنگەرە هیچکات نەیتوانی سوننەتی خەباتکارانە و ئاراستەی چەپی ناو ئەم بزووتنەوەیە لەناو بەرێت. دیتمان کە لە ساڵی ١٣٧٨دا و لە جەرگەی زاڵ بوونی وتاری ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی، بۆ جارێکی دیکە خوێندکاران نەردەی پۆلایینی زانکۆکانیان تێکشکاند و هاتنە سەر شەقامەکان. سەرکوتی خوێناویی ئاخێزی خوێندکاران و هاودەنگیی هەر دوو باڵی ڕژیم لەو سەرکوتەدا، خۆی بەستێنی پاشەکشەی دەست و پەیوەندەکانی ڕژیمی خولقاند و بوو بەهۆی سەرهەڵدانی دووبارەی سوننەتی شۆڕشگێڕانە لەناو بزووتنەوەی خوێندکاریدا. ئەم گۆڕانکارییە نیشانی دا کە پێویستیی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ خسووسی سازی و کاڵایی کردنی فێرکاریی باڵا، تێکشکاندنی کەش و هەوای ئەمنییەتیی زاڵ بەسەر زانکۆکان، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ جیاکردنەوەی ڕەگەزی، تەنیا دەتوانێ بە گەڕانەوە بۆ سوننەتی شۆڕشگێڕانەی خوێندکاران، وڵامی خۆی وەربگرێ. ئەم گەڕانەوەیە، بەڕوونی دەتوانین هەم لەناو زانکۆکان و هەم لە بەشداریی خوێندکاران لە ڕێوڕەسمەکانی ٨ی مارس و ئەوەڵی مانگی مەی ئەو ساڵانەدا، ببینین.

بەڵام مێژوو لە مانگی بەفرانباری ٩٦دا گۆڕانی بەسەردا هات و ئەو بابەتەی کە لە ساڵەکانی پاش سەرکوتی ٧٨ی هەتاوییەوە، لە ناخی زانکۆکاندا خولقابوو، ئەم جارەیان بە هاواری بەهێز و ڕاشکاوی "ئیسڵاح تەڵەب، ئۆسوولگەرا، ئیتر تەواو بوو ماجەرا"، کۆتایی زاڵ بوونی وتاری ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتیی ڕاگەیاند.

هەڵبەت ئەمە تەنیا هاواری دابڕان لەم وتارە نەبوو، بەڵکوو نیشانەی ئەوە بوو کە زانکۆ دووبارە خۆی بە بزووتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتیەکانەوە پەیوەند داوە و بەرەو لایەك دەڕوات کە پێویستە وەك بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی خۆی لە مادیەت بەخشین بە ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانە و بانتر لە نەزمی زاڵ، بنوێنێ.

لە ئێستادا ئیتر خوێندکاران، لە موقاوەمەت و پایەداریی کۆمەڵگا لە بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨، وزە وەردەگرن. ئەوان بوون بە زایەڵەی دەنگی ناڕەزایەتیی کرێکارانی هەفت تەپە، فولادی ئەهواز، هێپکۆ و ئازەرئاب و هەموو هەژاران و ستەملێکراوانی ناو کۆمەڵگا.

بزووتنەوەی خوێندکاری کوشتاری خەزەڵوەری ٩٨ی تەجروبە کرد و خۆی بەشێك لە قوربانیانی ئەم کوشتارە وەحشیانەیە بوو. لەخۆڕا نەبوو کە هەر ئەوکات لە ماوەی ڕۆژانی ئەم جەنایەتە خۆفناکە و لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز دا، قووڵترین پەیوەندیی و هۆگریی خۆیان لەگەڵ خەڵك دەربڕی. ئەوان لەسەر ئاڵای خۆیان نووسییان: "ئێمە دڵنیاین کە بۆ جارێکی دیکە مشتی گرێ دراومان دژبە کوشتاری خوێناویی ناڕازیانی سەرشەقام، دژبە دەستبەسەر کردنی هاوڕێکانمان و دژبە زاڵ بوونی ستەم و چەوسانەوە، زانکۆ دەکاتەوە زایەڵەی دەنگی ڕزگاری و بەرابەری".

بێگومان، ڕێوڕەسمەکانی ١٦ی سەرماوەزی ئەمساڵ لە بارووددۆخێکی جیاوازتردا بەڕێوەدەچن. نە تەنیا بزووتنەوەی دادخوازی دژبە جەنایاتی ڕژیم لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئاخێزی مانگی خەزەڵوەر، لە سایەی قەیرانی کۆرۆنا دا کەوتووەتە پەراوێزەوە، نە تەنیا ویرووسی کۆرۆنا لە ئاکامی داماویی کاربەدەستانی سەرمایە، هەموو ڕۆژێ قوربانیانی زیاتری لێدەکەوێتەوە، بەڵکوو هاوکات لە ماوەی حەفتەکانی ڕابردوودا، شەپۆلێکی بەرین لە سەرکوت کردنی مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاران، دەستبەسەر و بەند کردنی چالاکانی کۆمەڵایەتی، وەڕێکەوتووە. ئەگەر لە مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵدا، هەمووی ئەم بارووددۆخە فەلاکەتبارە و سەرکوت، ڕێگەی بە خەڵك نەدا کە خەزەڵوەرێکی دیکە بخولقێنن، بۆچی دەبێ بزووتنەوەی خوێندکاری نەتوانێ لە ١٦ی سەرماوەزدا دەنگی ڕەسای هەموو ئەوانە بێت کە دەنگیان لەناو گەرووداا کپ کراوە.

بزووتنەوەی خوێندکاری بەو مێژوو و سوننەتانەی خۆی نیشانی داوە کە دەتوانێ بە وشیاری، نوێکاری و داهێنان، دەور و نەخشێکی گرینیگی لە مەیدانی نەبەردی نێوان بەرهەمهێنەرانی سەروەت و تاڵانکەرانی سەروەت هەبێت. با ١٦ی سەرماوەز بکەینە ڕۆژی پەرەپێدانی ئاسۆی یەکگرتوویی بزووتنەوەی خوێندکاریی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری. لەبیرمان نەچێتەوە کە درووشمی "یەکگرتن، خەبات، سەرکەوتن" سوننەتی ٦٧ی ئەم بزووتنەوەیەیە.

پیرۆز بێت ١٦ سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار
بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی
بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
١٠ی سەرماوەزی ١٣٩٩ی هەتاوی
نوامبری ٢٠٢٠ی زایینی

***